# مەكسيك:

**سەلام عەبدوڵڵا**

## كوشتنی ڕۆژنامەنووسێكی ئەمریكی و برینداركردنی 6هاوڕێیتر!




لە2006/10/27چەكدارەكانی پارێزەری شاری(Oaxaca) تەقەیان لە مەتەرەسەكانی مامۆستاو جەماوەری شارەكە لە(سان لوسیا ن) كرد و لە یەكێك لە هێرشەكانیان، ڕۆژنامەنووسی ئەمریكی(براندلی ڤیلی)كە بۆ سایتی(ئینندی میدیا كاردەكات)،كوشت و 6 هاوڕێی تریان بریندار كردو هەروا پێش چەند ڕۆژێك مامۆستایەكیان كوشتن و نزیكەی 20كەسیان بریندار بوون.

هێرشی ئەو چەكدارە ترسنۆكانە لە دژی دانیشتوانی(ئوەخاسا) تەنها ئەو ڕێگا دەهێڵین كە دەبێ ئەو پارێزەری مرۆڤكوژە، دەست لەكار بكێشێتەوەو هیچ چارەسەرێكی تریش نییە.

كۆمسیونی شەشەم بەتالیونی لەشكری تساباتیستیستەكان بانگەوازی هەموو ئەندام و لایەنگران و ئەوانیتر دەكات بۆ پشتیوانیكردن لە(APPO)بە هەموو شێوەیەك چالاكی بنوێنن بۆ لابردن وسزادانی ئەو پارێزە مرۆڤكوژە... (لە ڕاگەیاندنێكی كۆماندانت ماركۆس). –هەفتەنامەی ڕیچگای كوردستان لە ماوەی ڕابردوو چەندین هەواڵ و ڕاپۆرت لەبارەی خەباتی مامۆستایان لە شاری ناوبراو بلاوكردەوە.

## ئەڵمانیا-شاری گوێتنگن:



ئیمڕۆ لە دژی ڕاسترەوەكان، 5000كەس خۆپیشاندانیان كرد. پۆلیس بە زۆرەملی بلۆكی دژە فاشیستەكانی دابڕی لە بەشەكانی تری خۆپیشاندەران، بەڵام لەدواییدا یەكخران. نازییەكان ئەنتی فاشیستەكان خۆاینیان گەیاندە وێستگای شەمەندەفەری شارەكە بۆیە، (حزبی ناسیونالیستی ئەڵمانیا)نەیانتوانی تەنانەت 200كەسیش كۆبكەنەوە. پۆلیسی ئەڵمانی سەرجەم شەقامەكانی شارەكەیان گەمارودا، بەڵام دوێنی هەر لەژوارچێوەی خەباتی ئەنتی فاشیستی، ئۆتۆمبیلێكی پۆلیس سوتێنرا.

## یونان: دەریاوانە پارێزەرەكانی، پەنابەریان فڕێداوەتە دەیاوە؟

تۆڕی یارمەتیدانی پەنابەران سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان(UNHCR) داوا لە بەرپرسە یونانی و توركییەكان دەكات، زانیاری لەبارەی ئەو پەنابەرانە پێبدەن كە لە ڕۆژی پێنشەمە زەوی توركیایان بەجێهێشتووە و بە پاپۆڕ ڕوویاكردووەتە دوورگەی یونانی(Chios). لەوێ گوایە ئەم موسافیرە ناشرعییانە لەلایەن پارێزەرانی دەریای یونانییەوە هەڵدراونەتە ناو دەریا. ئەو مرۆڤانە كە خەڵكی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقان، دەستگیركراون و 6كەسیان خنكێندران و پاشان نێژران و هێشتا چارەنووسی 3 پەنابەریش دیار نییە و 31پەنابەری تریشان دەستگیراون و بە زۆرەملی بۆ توركیا دیپۆرتكران. (هەواڵەكە لە ڕۆژنامەی دی. تسایت)ئەڵمانی بلاوكراوەتەوە.

## تایلەند(Papua Neuguinea):

700کرێکاری کۆمپانیای تەلەفۆنی(تیلی کۆم) بە بەشداری 3 سەندیکا لە کار، مانیانگرت. ئەم نارەزایەتییە لە پێناو کارکردن بە یاسای گرێبەستی کار بکرێت کە لە ساڵی رابردوودا ئیمزا کرا.

## کۆریای خوارو(Seogwipo,)



لە دژی هەوڵی رێکخستنی بازاڕی ئازاد لە نێوان ئەمریکا و کۆریای باشوور (FTA)خۆپیشاندان و پرۆتێستێکی بەرفراوان رێکخرا. 300جووتیار بەشێکیان پێکهێنا لە خۆپیشاندەران و کاتێ ئەمانە ویستیان بلۆکی پۆلیس بە ئۆتۆمبیل و لۆری بشکێنن، بەڵام لەلایەن ئەوان بەر گاز و لێدان دران و لەوناوە برینداریێکی زۆر کەوتەوە. شایانی باسە، بڕیار وایە رێککەوتنی ناوبراو لە مارس/2007 ئیمزا بکرێت.